# له پەنا کێلی شەهید دوکتوور قاسملوو را تەقە له شۆڕشگێڕان دەکەن

کەلک وەرگرتن له تێکنۆلۆژی نوێ وەک ئینترنێت، هەر وەک کەلک وەرگرتن له شمشێری جووت تیغ وایه که ئەگەر مرۆڤ زیرەک بێ زگی دوژمن، دەنا سەری خۆی پێدەقەڵەشێ. ئێستاش بەشێک له نوسەران به تایبەتی ژمارەیەک له ژێر ناوی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و به بیانووی پارێزگاری له بەرژەوەندییەکانی حیزب له جیاتی ئەوەی لەو کەرەسەیه بۆ خزمەت به حیزب و ئامانجەکانی کەلک وەرگرن وا خەریکن حیزبی پێ دەڕووخێنن.

لەم چەند ڕۆژەی رابردوودا چاوم به وتارێک کەوت له ژێر ناوی" دوکتور قاسملوو جەریانی لادەرەکان ..." له نوسینی کاک( شورش کورد) کەوا دیاره وەک نوکی تەشی سوور کراوه تازه له کوره هاتووەته دەر. بیرم لەوه کردەوه که نه خۆیندنەوەکەی بایخی هەیه و نه بۆیەش دەبێ که مرۆڤ بۆ وڵام دانەوه کاتی خۆی خەسار بکات، بەڵام له بەر ئەوەی خەریکه به زمان و له پەنای کێلی شەهید دوکتور قاسلوو را بێته شەڕی شۆرشگێڕانی حیزب و مێژووش چەواشه بکات، به پێویستم زانی ئەگەر به چەند دێرێکیش بێ وەڵامی بدەمەوه.

من ئەو وتاره نه به لایەنگری له جەریانی ڕێبەرایەتی شورشگێری پێشوو و نه به لایەنگریله بەرێزان کاک جەلیلی گادانی و کاک حوسێنی مەدەنی دەنووسم ، تەنیا بۆ دەرخستنی ماهییەت و چەوتیی بیر کردنەوەی کاک شۆڕش دەینووسم.

کاک شۆڕش به زمانێکی به قەولی فارسان ( غیر بهداشتی) هاتووەته مەیدان و بۆن و هاڵاوی فەرمایشتەکانی له مەودایەکی زۆر دوور ڕا مێشکی مرۆڤ دەبا و مرۆڤ له کورد بوون به تایبەت حیزبی بوونی ناوبراو به تەواوی له شک و گومان دەخا، ئەمن دڵنیام ئەو" شۆڕش"ه قورمیشکراوی کۆماری ئیسلامی ئێرانه که ( مەعموریەتی) قسه گوتن به شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکڕات و گەلی کوردی پێ ئەسپیردراوه، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم داواتان لێدەکەم نوسراوەکەی بخوێننەوه، بزانن به سەدان هەڵەی ئیملایی و ڕێزمانی تێدایه یا نا؟ سەیره کەسێک که به قسەی خۆی ساڵهایه خەبات دەکا هێشتا نازانێ وشەی ساکاری" شۆڕش" بنووسێو وەک فارسەکان دەنوسێ شورش، ئەندام و دڵسۆزی حیزبه بەڵام ناوی حیزبەکەی نازانی بنووسێ و له جیاتی دێموکڕات دەنووسێ دێموکرات!! ئەو جار نه تەنیا دەیهەوێ ئەندامانی حیزب به دژی یەکتر هان بدا، بەڵکوو بەوەش

ڕاناوەستێ و ئەوان دژی ڕێکخراوەکانی دیکەش هان دەدا. ئەو لە پەنای کێلی شەهید د. قاسملوو دا سەنگەری گرتووە، بێ خەبەر لەوەیکە د.قاسملوو لە مرۆڤی هەلپەرست و ماستاو چی وەک ئەو بێزار بوو.

ئەو جار باس لە نامەی کاک حوسێنی مەدەنی دەکات کە ئەوەی ئەو بە ڕەوایەت لە نامەکە باسی دەکات فڕیان بەسەر ناوەرۆکی نامەی ناوبراودا نیە. باس لەوە دەکات کە گویا کاک حوسێنی مەدەنی بێوچان ویستویە وێنەی شەهیدان هەلگرێ " بێوچان بوو(بۆ) هەلگرتنی( هەڵگرتنی) وێنەی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات(دێموکڕات) شەهیدان دکتور(دوکتور) قاسملوو دکتور (دوکتور)شەەفکەندی( شەرەفکەندی) لە بنکە و بنەماله(بنه ماڵە) حیزبیەکان و لەوەش زیاتر ڕێوورەسمەکانی (ڕێ و ڕەسمەکانی)حیزبی دا بوو" و...
ئەوە پروپاگەندەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە پێش کۆنگرەی ١٣ ی حیزب بوو و ئەو کات نەک هەر کاک حوسێن بەڵکوو زۆر لە ڕێبەرانی دیکەی حیزبیشیان بەوە تاوان بار دەکرد و هەڕەشەی دەستپەڕاندنیان لێ دەکردن! ئەوە خەسلەتی شیعە و کۆماری ئیسلامیە، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندیمان لێ شەهید دەکەن و بۆشیان لە خۆ دەدەن . وادیارە جەنابی لە شیعە و چڵکاو خۆرە تازەکانە و ئێستا وەخەبەر هاتووە، جەنابی ١٧ ساڵ پاش شەهید بوونی شەهید د. قاسملوو تازە جۆش گرتوویەتی و کای کۆن بە با دەکات و باس لە مەسەلەیەک دەکات کە فڕی بەسەر ڕاستیەوە نیە و لە بوختانە ساز کراوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کاوێژ دەکاتەوە کە:
" حسين(حوسێن) مدنی(مەدەنی) لە باوەشی مجاهیدینی(موجاهیدینی) خلق(خەڵق) دا لە خووشیان(خۆشیان) دا بە دەمانچە تەقەی هەوای(هەوایی) دەکرد" . بۆ ئەوەی ئەو جەنابە باشتر بناسن نوکتەیەکتان بۆ دەگێڕمەوە: دەڵێن جارێک منداڵێکی ئورووپایی چاوی بە دیمەنی لە خۆ دانی خەڵک لە ڕۆژی عاشوراڕادا دەکەوێ و هۆیەکەی لە دایکی دەپرسێ و ئەویش بۆی باس دەکات کە ئەوە قوڕی ١٤٠٠ ساڵ لەوە پێشە ئێستا دەیپێون، منداڵە دەڵێ وادیارە لەو وڵاتە هەواڵ زۆر درەنگ دەگا. وا دیارە"شورش " بەگ تازە ڕێنوێنی و شێوەی خەراپەکاری پێ گەیشتبێ. ئەوەش لە کاتێکدا کە مەترسی ئابڵۆقە و لەژێر فشار نانی ئێران لە گۆڕێدایە ، ئەوان خەریکن بڵێن کە هۆ کوردینە لە بیرتان نەچێ کە کاتێک ئێمە د. قاسملوومان

شەهید کرد، موجاهیدین و حوسێنی مەدەنی پێیان خۆش بوو!! جا بۆیە دەبی کورد بیر لەوە نەکاتەوە کە رۆژگارێک لە گەڵ ئۆپوزیسیۆن بە تایبەت موجاهیدین لێک نیزیک ببنەوە. کاک شۆڕش بۆ ئەوەی سەر لە خەڵک بشێوێنێ قسەکانی بە وەسیەتی پێشەوای گەورە ترش و خوێ دەکات. نا جەناب کەس باوەڕ بە تۆ ناکا و دەزانین کای کوێ بە با دەکەی وخەرمانی کێ سوور دەکەی. وادیارە لە ڕوانگەی کاک "شورش"ڕا بیر کردنەوە ئیرادە، نانووسێ کە ئیرادی ئەوەی کاک حوسێن نووسیویەتی کە دەبۆایە پشتی رۆژنامە بە بۆنەی ٦٠ ساڵی دامەزرانی حیزب بە وێنەی پێشەوا رازاباوە چ گرفتێکی ساز کردووە، وادیارە کاک"شورش" هەموو کەس وەک خۆی دەبینێ کە دەبێ بیری بۆ بکەنەوە و لە بەر ئەوەش کە خۆی توانای بیر کردنەوەی نیە بە بیری هەموو کەس و هەموو شتێک قایلە.

جەنابی باس لە ئاقیل کە مەبەستی وشەی ( ئاقڵ) ە و ئەخلاقی کاک حوسێن دەکات، ئەرێ جەناب ئەتۆ کاتێک نازانی وشەی ئاقڵ چۆن دەنوسرێ و بەری کام دارە چۆن دەزانی کەسێک کەم ئاقڵ یان زۆر ئاقڵە؟ وادیارە جەنابت بە ڕبەی ئەقڵی خۆت هەست و ئەقڵی خەڵکی دەپێوی کە ئەوەش مەترسیدارە، چونکە ئەو کات دونیا دەبێتە شێت خانە. لە بەر ئەوە جەنابت ئێشی بێ ئەخلاقی کاک حوسێنت وێڕا گەیشتووە من پارێزگاری لەکاک حوسێن ناکەم، ئەو جار بڵێم چی سروشتی ئەو شتەی کە لە لای ئێمە بە ئەخلاق و بێ ئەخلاق ناوی دەبەین ئەوەیە کە جەنابت ئێش و لایەنی دیکەش لەزەتی بە نسیب دەبێ. لێرەدا هەر خۆا بیپارێزێ ئەو سەربازی گومناوی ئیمام زەمانە "مەعموریەتەکەی" هەر بە کاک حوسێن کۆتایی نایە و پەلاماری خەباتگێڕ و کۆڵنەدەر و قارەمانی بەندیخانەکانی حەمە رەزا شا و نە سرەوتووی دەورانی کۆماری رەشی ئیسلامی کاک جەلیلی گادانیش دەدات و دیسان بە فیت و قازانجی کۆماری ئیسلامی دێتە مەیدانی شەڕ و ئەوەی دەیلێ نایلێتەوە و دەیهەوێ لە پەنای کوتانی کاک جەلیل و ڕێبەرایەتی پێشوو هەر هیچ بە حیزبەوە نەهێڵێ. ئەوە کە ساڵی ١٩٨٨ لە حیزبدا جیابوونەوەیەک ڕووی داوە و ژمارەیەک لە ڕێبەر و کادرەکانی ئەو حیزبە لە ژێر ناوی ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕ دا کاریان کردووە ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە و بەشێکە لە مێژووی جوڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکڕات و ئەوەش کە پاش ٩ ساڵ جیایی بنەماڵەی حیزب هاتەوە سەریەک ئەویش بەشێکی تری ئەو مێژوویەیە کە من لێرەدا کارم بە ڕوانگەی نەخۆش و پڕ لە قین و بوغزی تۆ نیە، ئەوەی من ئامانجمە ئەوەیە کە حیزبی

دیموکڕات بەو کارەی دڵی دۆستانی شاد و چاوی دوژمنانی کوێر کرد و کاریشم بەوە نیە کە تۆی قین لە دڵ ئێستا بە ناحەق لە پەنا کێڵی شەهید د. قاسملوو ڕا سەنگەرت لە حیزبەکەی گرتووە و چۆن خەریکی لە باوەش و زەلکاوی کۆماری ئیسلامی باوێی و نەهێڵی بۆ ساتێک بحەسێتەوە و لە کۆیەت لە عەرزی داوە و خەریکی کەوڵی دەکەی. کاک جەلیل و کاک حوسین و بەشێکی تر لە شۆڕشگێڕانی شەهید و ئێستای ئەو حیزبە هەر هەمان ئەو کەسانەن کە زەمانێک بە بێ شەهید د. قاسملوو بە مایەدانان لە گیان و ژیانی خۆیان لە بەندیخانەکانی حەمە رەزا شا، یان خۆ حەشاردان لە ناو خەڵکو چیاکانی گەرمێن و کوێستان  و سەر دەمێکیش بە هاوسەنگەری لە گەڵ شەهید د. قاسملوو خەباتیان کردووە و ئەو حیزبەیان لە نەمان رزگار کردووە. شتێکی زۆر سروشتیە کە ئەوانە دەبێ چقڵی چاوی ریژیمی کۆماری ئیسلامی بن و چ زۆریشن مرۆڤی وەک جەنابت کە دەبێ بە بلوێری دوژمنان وەسەما بکەون و بە فیتی دوژمنان بکەونە گیانی خەباتکارانی ئەو میللەتە، ئەگەر ئەوەی نەکەی دیارە وەدوا دەکەوی و ئەرکت ڕانەپەڕاندووە!!

کاک" شورش" باس لە دۆستایەتی کاک جەلیل و موجاهیدین دەکات، ئەو بێ خەبەر لەوەی کە ئەگەر کاک جەلیل دۆستی موجاهیدینیش بووبێت ئەوە لە ڕێگای حیزبەوە بووە بە دۆستی ئەوان. موجاهیدین هەر ئەوانەن کە لە کاتی سکرتێری شەهید د. قاسملوو حیزبی ئێمە لە گەڵیان لە" بەرەی نیشتمانی بەرگری" دابوو و ئێستاش گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە. ئەو جار باس لەوە دەکات کە موجاهیدین خەڵکی کوردیان لە کەرکوک و شارەکانی تر کوشتووە. ئەرێ تۆ لە خۆت پرسیوە ئەو موجاهیدە قاتڵانە ئێستا لە کوێن  و کێ بەخێو و پارێزگاریان لێدەکات؟ تۆ پێتوایە  حکوومەتی عێراق کە سەرۆکی وەزیرەکانی کابرایەکی ئەندامی حیزبی الدعوەی عێراقی دۆستی ئێرانە و سەرۆک کۆمارەکەشی کوردێکی کورد خۆشەویستە، بۆ ئەوانە بەو تاوانانە دادگایی‌یان ناکەن؟ رەنگە تا ئێستا هەواڵەکەیان پێ نەگەیشتبێ. بە ڕاستی کاک "شورش" خەنەکەی تۆ ئیتر رەنگی نەماوە و هەموو کەس لێت حاڵیە کە ئاو لە ئاشی کێ دەکەی وقوڕی کێ دەپێوی!.

تۆ د. قاسملووت نە ناسیوە و نە دەیناسی . دوکتور مرۆڤێکی عاقڵ بوو ئەگەر زەمانێک وەک هەموو کەس بیرێکی چەوت بەسەریدا زاڵ ببا دوای لێکدانەوە و بیر کردنەوە زۆر زوو مەودای لە چەوتیەکە دەگرت و باوەشی بە راستیەکە دادەکرد. ئەو شتانەش کە تۆ بە زاری وییەوە هەڵیاندەبەستی  ئەگەر بۆ خۆی لە ژیان دابا و

پێیوابا که لێکدانەوەی ئەو کاتی له گەڵ هەل و مەرجی ئێستا یەک ناگرێتەوه و له بەرژەوەندی و قازانجی نییه و سوودێکی بۆ یەک گرتنی ریزەکانی حیزبەکەی نیه لەباوەشی تۆی دەنا و بەیەکەوه له گڕی ئاگری داویشتن.
کاک "شورش" دوای نیزیک به ٢٠ ساڵ  تازه دەیهەوێ له جلی دڵسۆزی بۆحیزب و فرمێسکی به درۆ رشتن بۆ د. قاسملوو ئاگری شەڕ خۆش بکات و ئەندامانی ئەو حیزبه به قازانجی دوژمن پەل کێشی مەیدانی دوو بەرەکی بکات.
ئاخرین وتەم بۆ کاک "شورش" و کاک "شورشەکان" ئەوەیه که هەل و مەرجی ئێستای خەبات دژی کۆماری ئیسلامی ئەوه دەخوازێ که هەوڵ بدەن یەک ریزی له نێوان هەموو دژ بەرەکانی کۆماری ئیسلامی پێک بێنن.
ئەرکی سەر شانی ئۆگرانی حیزبی دێموکڕات ئەوەیه که گوێ نەدەنه قسەی فێرکردەی بێسەوادی وەک کاک "شورش" که له پەنا کێلی شەهیدەکانمانەوه سێره له شۆڕشگێڕانی ئەو حیزبه دەگرن، ئەو رۆ نۆبەی کاک حوسێن و کاک جەلیله سبەی مامۆستا حەسەنزاده و پاشانیش ئەوانی تر و ئەو جار قاقا به شەهیدەکانمان پێدەکەنن.
پێشنیاریش به کاک "شورش" دەکەم له پێشدا بچێ برێک سەواد، ئەقڵ و کوردی فێر بێ، دەنا جارێکی دیکه نەمن و نەکەس کاتی ئەوەی نیه ئەو هەموو هەڵانەی بۆ راست کاتەوه.
دڵسۆزێکی حیزب.
کۆیه ١٩ /١١/ ١٣٨٤